# پەلاماری یارسانیان پەلاماردانی نەتەوەی کوردە

ڕۆژنامەی «جمهوری اسلامی»، چاپی تاران لە ژمارەی ڕۆژی ٩ پووشپەڕی دا، بەچاپی بابەتێکی ناڕاست و چەواشەکارانە لەسەر ئایینی یارسان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یارسانیان، بێ ڕێزییەکی ڕاشکاوی بە ئایینی یارسان و پەیڕەوانی ئەم ئایینە کردووە.

چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وا لە ڕۆژنامەیەکی فەرمی سەر بە حکومەتدا، درێژەی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبیی ئەو نەتەوە و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبیانەیە کە نەتەوە و دین و مەزهەبی جیاواز لە نەتەوەی سەردەست و دین و مەزهەبی فەرمیی ئێرانن. هاوکات بێحورمەتی بە نەتەوەی کوردە؛ چوونکە یارسانەکانی کوردستان، ڕۆڵەی ڕەسەنی کورد و پارێزەری بەئەمەگی خاک و زمان و ناسنامەی کوردستان و خاوەنی داب و نەریت و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتین.

پارتی ئازادیی کوردستان PAK، ئەم پەلامار و دەسدرێژیەی ڕۆژنامەی «جمهوری اسلامی» لە دژی ئایینی یارسان و پەیڕەوانی بەتوندی مەحکوم دەکا و لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ بۆ دووپات کردنەوەی پشتیوانی لە خوشک و برایانی کوردی یارسانی و پێداگرتنەوە لەسەر هەرچی زیاتر بەهێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوایەتی و یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمیتەی ڕاگەیاندن
٢٠ پووشپەڕی ٢٧١٠
١١ جولای ٢٠١٠

## لە دەستدرێژییەکی دیکەدا، ئێران لە قوڵایی ٢ کیلۆمەتری ناو خاکی هەرێمدا بەربەستێک دروست دەکات

سەرەڕای دروستکردنی حەوت قەڵای سەربازی لەناو خاکی هەرێمدا، کۆماری ئیسلامی ئێران بەربەستێک لە قوڵایی خاکی هەرێمدا دروست دەکات.

لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە ناوچەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە (ئاژانسی پەیامنێر) ی وت: بەمەبەستی پاراستنی سنورەکە و ڕێگرتن لەو کاسبکارە کوردانەی ڕۆژانە بە شێوەیەکی یاساغ کاڵاو کەل وپەل لە کوردستانەوە بەهەردوو ڕێگای (کاناڵ و ماوەتان) بە سواری وولاغ یاخود بەکۆڵ دەگوازنەوە شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر بەربەستێک لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

وتیشی: دروستکردنی ئەو بەربەستە بە درێژایی گوندی «قسقەپان» و گوندی «زێوە»ی سنوری خانێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژبۆتەوە و لە سنوری هەردوو ناوچەی کەناڵ و ماوەتانی سنوری حاجی ئۆمەران لە نێو خاکی




کوردستان بەر بەستەکە دروستکراوە.

سەرچاوەکە ئەوەشی درکاند، دروستکردنی بەربەستەکە بە شێوەیەکی نایاساییە، چونکە زیاتر لە (٢) کیلۆمەتر لە نێو خاکی کوردستان دایە.

جێی ئاماژەیە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تاکو ئێستا حکومەتی ئێران حەوت قەڵای سەربازی لە نێو خاکی هەرێم دا بنیاد ناوە و لە ئێستاشدا بە دروستکردنی ئەو بەربەستە سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانی بەزاندوە.

## بەڕازیل پابەند دەبێ بە گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەدژی ئێران



سەرۆک کۆماری بەرازیل لۆلا دایسلوا پابەند بوونی وڵاتەکەی بە گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی، واژۆ کرد.

سیلسۆ ئامۆریم وەزیری دەرەوەی بەرازیل سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە، هەڵبژاردنی ئەمجۆرە بڕیارەی بە سونەتی پابەند بوونی وڵاتەکەی بە بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان زانی.

شایانی باسە کە بەرازیل و ترکیە دوو وڵاتی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بوون کە ناڕەزایەتییان لەگەڵ بڕیارنامەی پەرەپێدانی گەمارۆکانی سەر تاران دەربڕیبوو.

## سویس پشتیوانی خۆی لە گەرمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دژی ئێران دەربڕی



دوێنێ چوارشەممە ٢٨ گەلاوێژ، ئەنجومەنی فیدراڵی سویس پشتیوانیی خۆی لە گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دژی ئێران دەربڕی.

هەواڵنێری «فارس»ی سەر بە سپای پاسداران لەم ڕووەوە نووسیویەتی کە سویس حیسابی ٤٠ کۆمپانیای ئێرانی و کەسێکی ڕاستەقینەی لە بانکەکانی سویس بلۆک کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وڵاتە ماوەیەکی زۆرە کە چەک ڕەوانەی ئێران ناکا.

## ئۆباما خوازیاری ئازادکردنی سێ ئەمریکایی زیندانیکراو لە ئێرانە

باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، خوازیاری ئازادکردنی سێ ئەمریکایی لە زیندانی ئێران و دیاریکردنی چارەنووسی ڕۆبێرت لۆینسۆن پۆلیسی پێشووی ئێف بی ئای، بووە.

ڕۆژی هەینی ٨ گەلاوێژ، لە یەکەمین ساڵوەگەڕی دەسگیرکرانی سێ ئەمریکایی لە لایان سنوورپارێزانی ئێران لە ڕۆژاوای ئەو وڵاتە، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک باراک ئۆباما خوازیاری ئازادکردنی هەرچی زووتری ئەوانە بوو.

لە بەیاننامەکەیدا ئۆباما دەڵێ: سارا، شین و جاش بەهیچ شێوەیەک تووشی هیچ تاوانێک نەبوونە. ئەوان سەرقاڵی شاخەوانی لە دەروبەری سنووری ئێران و عێراق بوونە کە قۆڵبەست و زیندانی کراون. بەڵام یەکساڵە لە زیندان دان و چارەنووسیان دیارنییە کە ئەمەش بووەتە هۆی دڵتەنگی و ناڕەحەتی زۆری بنەماڵە و کەسوکاریان.

شین بائێر، جاش فەتاڵ و سارا شۆرد لە ٢١ ژوئەنی ٢٠٠٩ ەوە



لە سنووری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات بە تۆمەتی بەزاندنی خاکی ئێران دەسگیر کراون.

حەیدەر موسلحی ماوەیەک بەر لە ئێستا گوتبووی کە هێندێک بەڵگەیان لەبەر دەستدایە کە ئەوە نیشان ئەدا ئەم کەسانە سیخوڕن.

بەڵام باراک ئۆباما جەختی کردووتەوە کە ئەم سێ کەسە ئەمریکاییە هەرگیز کاریان بۆ حکومەتی ویلایەتەگرتووەکان نەکردووە و دەڵێ: ئەوانە هیچ شەڕانگێزییەکیان لەگەڵ ئێران نەبووە و ڕێزێکی زۆریان بۆ خەڵکی ئێران هەبووە.

## بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگای بەهایی بە ١٤٠ ساڵ زیندان مەحکوم کران



لە لایان لقی ٢٨ دادگای شۆڕش بە سەرۆکایەتی مەقسیە، هەریەک لە ٧ بەڕێوەبەری پێشووی کۆمەڵگای بەهایی بە ٢٠ ساڵ زیندان مەحکوم کران.

کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەم کەسانە ماوەی دوو ساڵە بە حوکمگەلی دوابەدوای یەک و نایاسایی لە زیندانی کاتیدان. پێشتریش چەندین کەڕەت دانیشتنی دادگاییەکەیان دواخراوە، بەڵام لەم مانگانەی دواییدا و پاش چەندین دانیشتنی دادگا، لە کۆتاییدا بۆ هەر یەکیان حوکمی ٢٠ ساڵیان بەسەردا سەپاوە و حوکمەکانیان بە پارێزەرەکانیان ڕاگەیەندراوە.

شایانی باسە کە هیلاری کلینتۆن لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕۆژی ٢١ گەلاوێژ (١٢ ئاگۆست) بڵاو کراوەتەوە دەرکردنی حوکمی ٢٠ ساڵ زیندان بەسەر هەریەک لە حەوت کەس لە بەڕێوەبەرانی پێشووی کۆمەڵگای بەهایی بە توندی مەحکوم کردووە و ئەم حوکمەی بە درێژەی سەرکوتی بەهاییەکان و کەمینە مەزهەبییەکانی دیکەی ئێران زانی و لەم ڕووەوە نیگەرانی وڵاتەکەی دەربڕی.

## ئۆروپا دەستی بەسەر سەدان ملیۆن یۆرۆی ئێران دا گرت

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی گەمارۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، وڵاتانی ئوروپا دەستیان بەسەر سەدان ملیۆن یۆرۆی بانکی (سادرات)ی ئەو وڵاتەدا گرت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی (مەوج) کە ئاژانسێکی نزیکە لە حکومەتی ئێران، بەڕێوەبەرێکی بانکی سادرات گوتوویەتی: «سێسەدو چل ملوێن یۆرۆی ئەم بانکە لە وڵاتانی ئوروپایی دەستی بەسەردا گیراوە.

جێی ئاماژەیە گلدانەوەی ئەو گوژمە پارەیەی ئێران لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپارچەکاغەزێک دادەنێن و بەپێچەوانەوە، درێژە بەچالاکییە ناوکییەکانیان دەدەن.

## سەرنووسەری پێشووی حەوتوونامەی سۆران دەستبەسەر کرا



یەحیا سەمەدی، نووسەر و سەرنووسەری پێشووی حەتوونامەی سۆران، لە سنە ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژی ٢٧١٠، لە لایان هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنی نادیار کرا.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی موکریان لە کاتی دەستبەسەر کردنی ناوبراو، ماڵەکەشی پشکێنراوە. تا بڵاو بوونەوەی هەواڵ هیچ زانیارییەک سەبارەت بە تاوانی ناوبراو و دەستبەسەر کردنی لە بەردەستدا نییە.

## حوکمی ١٥ ساڵ زیندان و دوورکەوتنەوە لە کاری ڕۆژنامەنووسی بەسەر عیسا سەحەرخیزدا سەپا



ماڵپەڕی «ندای سبز آزادی» بڵاویکردەوە کە ڕۆژنامەنووش عیسا سەحەرخیز لە لایان دادگای بدوییەوە بە ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری و دوورکەوتنەوە لە کار مەحکوم کرا.

ئەم حوکمە تا ئێستا بە شێوەی فەرمی بەم ڕۆژنامەنووسە یان پارێزەرەکەی ڕانەگەیەندراوە و هێندێک سەرچاوەی هەواڵ لە دادگای شۆڕش ئەم هەواڵەیان ڕاگەیاندووە.

شایانی باسە کە سەحەرخیز لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ڕابردوو و پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری قۆڵبەست کراوە و پاش تێپەڕینی یەکساڵ بەسەر دەسبەسەرکردنی، دادگایی و حوکمی بەسەردا سەپاوە.

ناوبراو بە تۆمەتی بێحورمەتی کردن بە ڕێبەری، حەولدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و حەولدان لە ڕێگەی پڕوپاگەندە لە دژی نیزام، تاوانبار کراوە.

## ٢١ کۆمپانیا و دامەزراوەی دیکە خرانە لیستی ڕەشی ئەمریکاوە



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی سێشەممە ١١ گەلاوێژ ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی دیکە لەو کۆمپانیا و دامەزراوانە کە پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی تاران هەیە خرانەونەتە ڕیزی لیستی ڕەشی گەمارۆکانەوە.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی فەرانسە لە واشینگتۆن، ٢١ کۆمپانیا و دامەرزاوەی پێوەندیدار بە ڕێژیمی تاران کە زۆربەیان لە وڵاتانی ئوروپایی و ژاپۆن جێگیرن، خراونەتە ڕیزی گەمارۆکانی ئەمریکاوە.

چەند کۆمپانیای بیمە، دامەزراوەی ماڵی و سەرمایەگوزاری و چەند کۆمپانیای چالاک لە بواری هێنان و بردنی وزەی ئەتۆمی کە لە وڵاتانی ئاڵمان، لۆکزامبۆرگ، ئیتالیا، بلارووس و ژاپۆن تۆمار کراون و بە وتەی وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا، بۆ ڕێژیم تاران کاریان کردووە، لەمەوپاش جێیان لە لیستی ڕەشی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە و هەموو جۆرە مەعالمەلەیەک لەگەڵ ئەوانە قەدەغەیە.

## دامەزراندنی ٧هەزار کۆماندۆ لە نیزیک سنووری ئێران




بە وتەی بەرپرسێکی سەربازی عێراقی سەر بە تیپی هەشتەمی ئەرتەشی عێراق لە باشووری بەغدا: هێزەکانی هاوپەیمان لە دوومانگی ڕابردوودا ٧هەزار کۆماندۆی هێزی مارینێز لە نیزیک سێ خاڵی سەرسنووری عێراق وئێران لە مەندەلی ، عیمارە، پێنجوێن دامەزراندووە.

ئەو بەرپرسە نیزامییەی عێراقی کە ویستی نێوی ئاشکرا نەبێ، دەڵێ: ئەمریکاییەکان هەروەها ئەژمارێکیان سەکۆی هەڵداشتنی موشک و ڕاداری پێشکەوتوو یان لە چەند کیلۆمیتری سنووری ئێراندا داناوە و هیچ زانیارییەک لەمەڕ هۆی دامەزراندی ئەو هێزە تایبەتە و ئەو سەکۆ وڕادارانە دە ناوچەکەدا نادەنە لایەنی عێراقی.

ڕۆژنامەی ئەلبینەلجەدیدە نووسیویەتی: ئەرتەشی ئەمریکا ئیزن بە هیچ مەقامێکی عێڕاقی نادا کە لەو پایگا نوێیە کە لە سەرسنوورەکانی نێوان عێڕاق و ئێران و چالاکییەکانی ئاگادار بن. مەقامی پایەبەرزی عێڕاقی دەڵێ: وا وێدەچێ ئەمریکاییەکان نایانهەوێ لە کاتی دیاریکراو لە عێڕاق وەدەرکەون و لایانوایە پێش لە هەر جموجووڵێک بە مەبەستی وەدەرکەوتنیان لە عێڕاق ،هێندێک لە مەڵبەندەکانی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە خاکی عێڕاق بدەنە بەر هێرش.

## ئیسماعیل تەتەری نوێنەری پێشوی شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد

نوێنەری پێشوی شاری کرماشان لە پەرلەمانی ئێران لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ئیسماعیل تەتەری کە لە خولی چوار و شەشدا نوێنەری شاری کرماشان بووە، ئەندامی دامەزرێنەری حزبی (ئیعتیمادی میللی) بوو وە لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خولی نۆهەم و دەیەم هەوڵێکی زۆریدا بۆ سەرخستنی ئەو حزبە.

تەتەری هەروەها کتێبە شێعرێکی هەیە بە ناوی (گوڵزاری بەهەشت) کە تیایدا شێعرەکانی بە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی چاپکراوە. ناوبراو لەم ساڵانەی دواییدا ڕاوێژکاری وەزیری نەوت بو.

## هێزەکانی سوپای ڕژیم ٣ کاسبکاری کوردیان کوشت

هیزەکانی سوپای پاسدارانی ڕژێم لە ناوچە سنوورییەکان سێ کاسبکاری کورد دەکوژن و هەشتی دیکەش بریندار دەکەن.

بە پێی هەواڵی رادیۆ نەوا هێزەکانی سوپا لە دوو ناوچەی جیاواز ٣ کاسبکاری کوردیان کوشتووەو ٨ی دیکەشیان بریندارکردووە.

لە گوندی کانی ڕەشە تەقەیان لە قافڵەیەکی قاچاخچیە کوردەکان کردوەو ٢ قاچاخچیان کوشتوەو ٨ی دیکەشیان بریندارکردوە.

بەپێی ئەو هەواڵە «لە ناوچەی سەلْمازیش پاسدارەکانی ئێران کاسبکارێکی تریشیان کوشتووە»

ماوەی هەفتەیەکە سوپای پاسداران کەوتوونەتە تەقەکردن لە کۆڵبەرو کاسبکاران، لە کاتێکدا هاوڵاتیانی ناوچە سنورییەکانی تورکیا-ئێران‌و هەرێمی کوردستان-ئێران، بژێویی ژیانیان لەسەر ئەو شتومەکو خواردەمەنییانەیە کە بە قاچاخ لەو سنورەدا ئاڵوگۆری پێدەکەن.